<u>نەزار قەبانی</u>

# کتێبی خۆشەویستی

جەلال دەباغ
کردوویە بە کوردی
شیعر
2010



بۆ هاوسەرە بەنرخەکەم
بەڵقیس
هاوڕێی تەمەن و
هاوڕێی شیعرم
نەزار

(کتێبـــی خۆشــــەویســـــتی) هـــەوڵدانێکـــە بـــۆ نووســـینی هۆنراوەی عەربی بەشێوەیەکی نـــویێ و، بـــەبـــەرداکردنـــی کراســـێکی هاوچـــەرخانـــەو بـــەبـــەرخـــۆش و بـــەکـــردار، ئـــەمـــەش دوای ئـــەوەی بـــە درێژایی چەندان چەرخ لـەشـی هــــۆنراوەی عـــــەرەبـــی بـەبـەراکردنـی کراسـی درێـژو پـــان و پـــۆڕو خراپیـــی مەبەستەکەی ماندوکرا.

لـە راسـتیدا کـەرتـی گـەورەی شیعری ئاسایی عەرەبیمان

ئەوەندەی پارچەپۆشی زمان بەکارهێنا کە بەشی بەرگپۆشینی تەواوی دانیشتوانی چینی دەکرد...
ئەم دەستبڵاوییە لەبەکارهێنانی زماندا تا ئاستی شەکەتبوون، وای لە هۆنراوەکانمانکرد- وەک - باڵاپۆشەکانمان - تەنیا خاوەنەکەی نیشتەجێ نەبێ، بەڵکو جەستەی تەواوی خێڵەکەشی تێدا نیشتەجێبێت.
بۆیە منیش هەر لەوکاتەوە کە دەستم بە نووسینی شیعر کردووە بە شوێن

هاوسەنگییەکی شیعریدا گەڕاوم کە لەبەرکارو لەبەرکراو یەک پارچەبن بێ هەڵتۆقین و پەڕاوێزو لەسەر زیادکردنی باشەپەیڤین (بەلاغە)ی شۆڕەوەبوو.

هەمیشە خەونم بە شیعرێکی عەرەبییەوە دیوە کە لەوێدا پانتایی وشە هێندەی پانتایی هەڵچوونبێت، قەبارەی دەنگی شیعری هێندەی قەبارەی زاری شاعیربێت...هێندەی قەبارەی بەبیراهاتووەکانیبێت.

لەوباوەڕەدابووم کە شیعر پوختەی پوختەیە. هەر هەوڵدانێکی شاعیر بۆ درێژکردنەوەی دەنگەکەی بە شێوازێکی شانۆگەری و، پان وپۆڕکردنی هەڵچوونەکەی لەسەر رووبەرێکی فراوانتر لە باخچەی شیعر دەیکاتەدەرەوە بۆ ناو ژێرزەمینی چەنەبازیی شیعری...
چەنەبازیی شیعری لێقەومانی شیعری عەرەبیمانە...تاقە سەرنجێکی هەرەمەکانی شیعری دێرینی عەرەب

ئـەوەمـان بـۆ روونـدەكاتـەوە كـە ئێمـــــه پتــــر لـــــه پێویســـــت قسەمانكردووە..
وەک گــوتم شــیعر پوختـــەی پوختـــەیـــە.. لـــەبـــەر ئـــەمـــە مـەزنترین شـاعیرمان ئـەوانـەن بـــەیتـــە شـــیعرێكیان نووســـی و...دوای نووسـینی راسـتەوخـۆ مردن... ئەركی شیعر ئەوە نییە هـــــــەمــــــوو شـــــــتێک روونبكاتـەوە...بـە وشـەیـەكـی وردتــر... ئــەوە نییــە هــەمــوو شـتێک بكوژێـت...لێكدانـەوەی دووردرێژ كارێكە لە

کـــــارەکـــــانی تـــــووتی و،
پیروبـــــــەســـــــاڵاچووان و..
بڵاوکەدنەوەی هەواڵەکان...
ئـەرکـی شـیعر ئـەوەیـە بلیتـی
سـەفـەرت پێبدات... بـێ ئـەوەی
دەســـــــــتبخاتە درێـــــــــژەی
سەفەرەکەت، کـاتی دەرچـوونی
ئـــەو شـــەمـــەنـــدەفـــەرانـــەی
ســواریاندەبیــت و، نــاوی ئــەو
ئوتێلانەی لێیان دادەبەزیت...
ئەرکی شیعر ئەوەیە قاپی مـەی
و جامـــــەکـــــەت بخاتـــــە
بەردەم...لێتبگەڕێت

لــــەســـــەر شـــێوازی خـــۆت سەرخۆشبیت...
ئـــەرکـــی شـــیعر ئـــەوەیـــە ئـەنگوستیلەکـەی سلێمان بکاتـە پـەنجـەت...ئیتـر خۆت دێـوەکـە ئامـادەبکـەیت...چیت بوێت لـە ماست و هەنگوین و پـەری لێـی بخوازیت...
گـــەمـــەی شـــیعریی...گـــەمـــەی ئامـــــــــــاژەکـــــــــــانی رووناکییـــــــە...یاریکـــــاری گـــەورەی تێـدا ئـــەوکـــەســـەیـــە توانـــــای بێـــــدەنگبـــــوونی بپارێزێت...بزانێت کەی

وەرەقـــەی ســـەرســـامیی فڕێدەدات...پەیڤینی زۆر لەسەر مێـزی شـیعر...وەک پـەیڤینـی زۆربێژییـە لـەسـەر مێـزی قومـار...هیچ ئـەنجـامێکی نـابێ جگـە لـە مـاڵوێرانی. پـەیڤینـی زۆر کوژرانمانی تێدایە..ئـەمـە شـتێکی ئاشـکرایە... هـەروا ئـەوەش ئاشـکرایە کـە، ئـەو شـیعرانەی لـە مێـژوی شـیعرماندا زۆرتـرین ژێرکـەوتنیـان لـە چـارە نووسـراوە ئـەو شـیعرانەن کـە بوونەتە جۆرێک لە رۆژنامەی

ڕۆژانە... جۆرێک لە ئامێری ڕاگەیاندن. ئەوشیعرانەی کە ئامێری چاودێریێ ناوخۆییان تێدا پەکی کەوتووە.

*

لەم کتێبەدا وتەی شیعریی کاری ئامێری ڕووناکی دەبینێ Flash لەناو کامێرای وێنەگرتندا... شیعرەکە دەبێتە بریسکەیەکی خێرای تەمەن یەک چرکە یان بەشیک لە بەشەکانی چرکە.

لێـــــــــرەدا وتـــــــــەی شیعریی...چەخماخەیەکە...چا وتروکانێکـــــە...بریســـکەی شمشـــێرێکە...هـــەڵفڕینـــی چۆلەکەیەکە..
دەشێ خوێنەری عەرەب کە لە بـــــواری مێژویـــــی و میراتگرییەوە لەگەڵ "ئەلفیات" و "معلقـــــــــــــات" هاوپەیوەندە..لەسەر هەڵفڕینی چۆلەکەکان رانەهاتبێ...ئەمە گرنگ نییە. لەسەر ئەمەش رادێت...هەر وەک چۆن چێژی عـــەرەبـــی، ئـــەو شۆڕشـــە

سەرسوڕهێنەرەی قەبوڵکرد
کە شیعری عەرەبی لە ماوەی
ئەم بیست ساڵەی دواییدا بەسەر
خۆیدا ئەنجامداوە، لەو
شۆڕشەدا پێست و بەرگی
خۆی گۆڕی... هەر ئاوا بەبێ
گومان پێشوازیی هەموو
بزوتنەوەیەکی شیعری دەکات
کە پەیوەندیی لەگەڵ سەردەمدا
بەهێزتربێت.
ئەوە کێبێ بازدانی ئەسپ و
هەڵفڕینی چۆلەکەکانی نەوێت؟
*

خۆشەویستی لە شیعرەکانی ئەم کتێبەدا ئەو خۆشەویستییە دێرینە نییە کە لەپێش دەواری خۆشەویستەکەدا رابوەستێت، یان لەژێر پەنجەرەکەیدا دە سەعات چاوەڕوانبێت.. تاوەرسبوونی خۆشەویست.. تا وەرسبوونی پەنجەرە.
خۆشەویستی لێرەدا تەواوی سیمای سەردەمەکانی لەخۆگرتووە، وەک خێرایی و چڕوپڕی.. شڵەژان و... خەستبوونەوە..

خۆشەویستی لێرەدا کاتی نووسینی نامەکاری و... قاوەگرتنەوەی نییە... لە گفتوگۆی خۆشەویستیدا شێوازی بروسکە ئامێز بەکاردێنێ..

زمانی عەشق لەم کتێبەدا چڕکراوەتەوەو پاڵەپەستۆی لەسەرە هەر وەک چۆن لە مێژوی عەشق و لە مێژوی بۆ دەربڕیندا روودەدات..

دەشێ مەبەستم لە نووسینی ئەم کتێبە، ئەوەبێ ببێتە کورتە فەرهەنگێکی ئەم سەردەمەی

عەشق، عاشقە هاوچەرخەکان پەنای بۆ بەرن تا ئەوەی لێوەفێربن چۆن بە تاقە وشەیەک ئەوە بڵێن... کە پێشان بە چەندان وشە بە خۆشەویستەکانیان دەگوتن... "فەرهەنگێک بۆ عەشق".
دەشێ خواستم پتر لە پێویستبێ، لووتبەرزیم پتر لە پێویستبێ... بەڵام هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری خەونەکانم نابم.
هەر لە منداڵیمەوە خەون بە نووسینی( سروودی

سـرروودەکـان) ەوە دەبیـنم کـە ئیمزای منی پێوەبێت...
هـەر بـەشـوێن ئـەم خـەونـەدا فڕکـان فرکـانم بـوو تـا کردمـە راسـتییەکـی رووداو... لـە مەرەکەب و کاغەز..

*

دواجـار، ئـەمـەتـە "سـرروودی سروودەکانم"..
بەهەموو راستی و دڵپاکییەکەوە پێتانـدەڵـێم، مانـدووی کـردم، شەکەتی کردم. لـەسـەر هیچکام لـە کتێبـەکـانی پێشـووم وەک ئـەمـەیـان کـارم نـەکـردووە.

چونکە تۆ چولەکە سەوزەکەم
خۆشەویستمی
کەوابێ..
یەزدان لە ئاسماندا دەبێ..

**!Fel**



خۆشەویستم لێمدەپرسی:
جیاوازیی خۆم و ئاسمان چییە؟
جیاوازیی نێوانی ئێوە:
ئەگەر تۆ هات و پێکەنیت
ئاسمان لەیادم دەردەچێت

گیانەکەم خۆشەویستی
شیعرێکی جوانە
لەسەر مانگ نووسیویانە
لەسەر هەمووگەڵاکانی
درەختەکان
نووسیویانە
خۆشەویستی
لەسەر پەڕی چۆلەکەکان
لەسەر نمەی باران
نووسراوە..

بەڵام لە وڵاتی من هەر
ئافرەتێک
ئەگەر پیاوێکی خۆشبووێت
پەنجا بەردی تێدەگیرێت...

کاتێک کە من کەوتمە ناو
خۆشەویستی
خێرا.. گۆڕدرا..
مەملەکەتی خودا
گۆڕدرا
تاریکی لەناو پاڵتۆیەکەمدا
دەنوێ
لەخۆرئاواوە.. خۆر هەڵدێ..

خوایه..ئیتر دڵەکەی من
بەشم ناکات
چونکە ئەوەی خۆشمدەوێ
هێندەی هەموو دنیا دەبێ
دڵێکیتر بهاوێژە ناو سنگمەوە
گەورەبێ.. هێندەی دنیا بێ

هیشتا هەر لە جەژنی
لەدایکبوونم دەپرسی
کەواتە لای خۆت تۆمارکە،
شتێکی وا کە نایزانی
جەژنی لەدایکبوونی من..
مێژوی خۆشەویستی تۆیە...

گەر دێوەکە لە لامپاکەی
هاتەدەرێ
بەمنی گوت: تەنیا یەک
خولەکت هەیە
فەرموو بڵێ
هەرچیت بووێ
لە پارچەی یاقووت و
زومرووود
هەڵبژێرە
منیش یەکسەر بێ دوودڵی
دوو چاوی تۆ هەڵدەبژێرم

هەر ئەو دوو چاوە رەشە
هەر ئەو دوو چاوە گەشە،
بەبارانە
لە یەزدانم... دووشت نەبێ
داواناکەم..
کە ئەو دوو چاوە بپارێزێت
دوو رۆژ لەسەر رۆژەکانم
پتربکات
تا لەسەر ئەو دوو مرواربیە
شیعرێک بنووسم...

ئەگەر تۆ.. کچە دۆستەکەم
لە ئاستی شێتیم بوویتایە..
هەرچی خشڵی زێڕت هەیە
لەسەر خۆتت فڕێدایە
هەموو بازنەکانی دەستت
بفرۆشتایە
لەناوەندی چاوەکانما
خەوت پێدا بکەوتایە

لای ئاسمان سکاڵات  لێدەکەم
لای ئاسمان سکاڵات  لێدەکەم
چۆن توانیوتە، ئاخر چۆن
هەموو ئافرەتی سەر زەوی
ئەئاوا کورت بکەیتەوە

چونکە پەیڤی فەرهەنگەکان
مردن
چونکە پەیڤی ناو نامەکان
مردن
چونکە پەیڤی رۆمانەکان
مردن
دەمەوێ رێیەکی نوێ
بۆ عەشقی خۆم بدۆزمەوە
بەبێ وشەدەربڕینێ..
تۆم خۆشبوێ..

من باسی تۆم بۆ نەکردن
بەڵام ئەوان تۆیان بینی
لە بیلبیلەی چاوەکانما
خۆت لە ئاونا..
من باسی تۆم بۆ نەکردن
بەڵام ئەوان
لەناو مەرەکەب و کاغەزمدا
وێنەی تۆیان خوێندۆتەوە
خۆشەویستی بۆنی هەیە
هیچ ناتوانێ
کێڵگە بۆنخۆشەکانی قۆخ
بۆنیان نەبێ

من حەزناکەم خۆشەویستیم
وەک خەڵکبێ
من حەزناکەم نووسینی خۆم
وەک خەڵکبێ
حەزدەکەم زارم کڵێسەو
وشەکانم زەنگبوونایە..

لەسەر پەنجەی هەردوودەستت
ئەمانە بژمێرە:
یەکەم: تۆی خۆشەویستم
دووەم: تۆی خۆشەویستم
سێیەم: تۆی خۆشەویستم
چوارەم و پێنجەم
شەشەم و حەوتەم
هەشتەم و نۆیەم
دەیەم: تۆی خۆشەویستم..

له عەشقی تۆدا قەڵەمم تواندەوە
له شین.. لەسوور.. له سەوز..
تا پەیڤی خۆم بڕاندەوە
خۆشەویستیی خۆم هەڵواسی
بەپێبەندی کۆتراندا
بەڵام گیانە نەمدەزانی
خۆشەویستی
وەکو کۆتر هەڵدەفڕێ..

خۆشەویستیت ئەی چاوقوڵگیان
زیادەڕۆیی و
سۆفیگەری و
پەرستنە..
خۆشەویستیت وەک مردن و
لەدایکبوونە
زۆرگرانە دووجار بگەڕێتەوە

بیست هەزار ئافرەتم
خۆشویست..
بیست هەزار ئافرەتم
تاقیکردەوە..
کاتێک تۆمدی..خۆشەویستم
واهەستدەکەم
ئێستا دەستمپێکردووە..

له ماڵی مانگ، خۆشەویستم
ژوورێکی دووکەسێم گرتووە
بۆ هەردوکمان
تا رۆژی کۆتایی هەفتەمان
لەوێ لەمانگ بەسەربەرین
ئوتێلەکانی دنیا
دڵی منیان رانەکێشا
تەنیا ئوتێلەکەی مانگە
کە حەزدەکەم تیادانیشم
بەڵام لەوێ
کەسی بێ ئافرەتیان ناوێ..
جا مانگەکەم..
لەگەڵم دێیت..بچین بۆ مانگ؟

لێم رامەکە..من پیاوێکی
بەتواناتم..
قورتاربوونت لەمن نییە..
یەزدان منی بۆ تۆ ناردووە..
جارێک..
لەهەردوو پەڕەی گوێتەوە
دێمەدەرێ
جارێک..
لە بازنە فەیرۆزی
دەستەکانت دێمەدەرێ
گیانە کاتێ کەهاوین دێ
وەکو ماسی لە دەریاچەی
چاوەکانتا مەلەدەکەم

ئەگەر هەموو وشەیەکی
دووساڵی من بێتەیادت
ئەگەر هەزار نامەکەی ئەم
دووساڵەی تۆ کەبۆت ناردووم
بکەمەوە
هەردوکمان وەک جوتێ کۆتر
بە ئاسۆی خۆشەویستیدا
هەڵدەفڕین..
ئەڵقەی ئەنگوستیلەی چەپت..
دەبێ بەدوو..

بۆچی.. بۆچی..لەوکاتەوە
بوویتە خۆشەویستم
مەرەکەبم رۆشن بووە.
دەفتەرەکانم گیایان دەرکردووە
لەوکاتەوە عاشقمبوویت
گشت شتەکان گۆڕدراون
وەک منداڵم لێهاتووە..
یاری بەرۆژدەکەم
پەیامبەری نێردراونیم
بەڵام کاتێک لەبارەی تۆوە
دەنووسم..
خۆم دەبمە پەیامبەرێک..

منت خۆشویست وەک
شاعیرێک
کە هۆنراوەکانی فڕین
هەوڵبدە تاقەجارێک
لەپیاوبگەیت..
هەوڵبدە لە وەرسبوونم تێبگەیت
دەشێ خوداش لە بەهەشتیا
لەوەڕسبوون بزانێت
منیش خاوەنی شەهوەتم
وەکو هەموو خاوەنداری
شەهوەتەکان
نەیەزدانی ئەفسانەییم
نەقارەمان..

لەناو لەپی دەستی مندا
هەڵکەندراوی..
وەکو دێری کوفی نووسین
لە دیواری مزگەوتەکان
لێدراوی..
خۆشەویستم، لەسەر تەختەی
کورسییەکەم هەڵکەندراوی..
لەسەر دەستی کورسییەکەم..
تۆ نووسراوی..
بۆ خولەکێک گەر هەوڵتدا
لەمن دووربی
تۆدەبینم
لەناولەپی دەستی خۆمدا..

غەمبار نەبی..
ئەگەر پێشەنگەکان لەسەر
خاکی مانگ نیشتنەوە
غەمبار نەبی..
هەردەم تۆ لەچاوی مندا
جوانترین مانگەکەی منی..

کاتێک کەمن عاشق دەبم
وا هەست دەکەم
هەرخۆمم پادشای زەمان
زەوی خۆی و هەرچییەکی
والەسەرە.. موڵکی منە
بەسواری ئەسپەکەم دەڕۆم
دەچمە ناو خۆری ئاسمان..

ئەو کاتەی من عاشق دەبم
شای فارسەکان
دەکەم بە سەپانی خۆمان
وڵاتی چین دەخەمەژێر
قەڵەمڕەوم
گشت دەریاکان
لەشوێن خۆیان
دەگوێزمەوە
گەربمەوێ گشت چرکەکان
رادەگرم..

کاتێ کە من عاشق دەبم
دەبمە تیشکی شلەمەنی
بەچاو ناکرێ من ببینی
شیعرەکانم لە دەفتەرما
دەبنە کیڵگەی گوڵ داودی
گوڵ میمۆزا

کاتێ کە من عاشق دەبم
ئاو لە پەنجەکانم هەڵدەقوڵێ
لەسە زمانم گیا دەڕوێ
کاتێ کە من عاشق دەبم
لەدەرەوەی ئەم زەمانە
من خۆم دەبمە زەمانە

کاتێ کە تۆ بۆمان دەگریت
خۆشمدەوێی..خۆشمدەوێ
روخساری پڕ لەهەوری تۆ
لە غەمباری..کە غەمباری
پێکرا دەمانتوێنێیتەوە
بێ ئەوەی من پێبزانم
بێ ئەوەی تۆ پێبزانی
ئەو فرمێسکە وەریوانەتم
خۆشمدەوێ..
لە پشتەوەی کەوتنیاندا
تشرینەکەشم خۆشدەوێ
هەندێ ئافرەتی روخسار جوان
جوانتر دەبن.. کاتێ بۆمان
دێنە گریان..

تەمەنی روخسارم.. وەکو
تەمەنی ئەم خاکەیە
بە هەزاران سەدەیە..
تەمەنی ماتەمم.. وەکو
هی یەزدانە..
یا تەمەنی دەریاکانە
من رۆژی لەدایکبوونم نازانم
خانمەکەم
ئەوەی دەبێ بژمێردرێ
نابێ تەمەنی خۆم بێ
بەڵکو تەمەنی هەستەکەم
خانمەکەم..

جا ئەی دۆستم، گیانە
تۆ بە هەڵە تێمگەیشتی
نە دووچاری ئاڵۆزی بووم
نە لە حەزو خەونەکانما
من (ئۆدیب) م
بەڵام هەر ژنێکم خۆشویست
ویستم بۆ خۆم
خوشەویستمبێ و دایکمبێ..
وا لە قوڵایی دڵمەوە
من حەزدەکەم
ببیتە دایکم.. گیانەکەم

هەموو ئەوەی لەسەرمنیان
گوتووە.. راستە
هەرچییەکیان لەسەر عەشق و
ئافرەت و ناوبانگم گوتووە..
راستە
بەڵام ئەوان هەتا ئێستا
پێمنازانن
وا لەخۆشەویستیی تۆدا
وەکوو عیسا
خوێنی دڵم لەبەر دەڕوا

هەندێجار وا
لێم رووودەدا
بەکوڵ بگریم
وەک منداڵان بێ هۆ بگریم
هەندێجار وا
لێم رووودەدا
لەودوو چاوە چاکە جوانەت
وەرسببم..
بەبێ هۆیەک لە وشەکانم
ماندووببم..
لە کاغەزو.. لە کتێبەکان
ماندووببم
وا رووودەدا
لەماندوبوونم.. ماندووبم..

دوو چاوی تۆ
وەک شەوێکی بە بارانن
کەشتییەکانم لەناویاندا..
نوقمی ئاون
نووسینەکانم لەوێدا بیرکراون..
یادگارو بیریان نییە.. ئاوێنەکان

ناوی ئەوەی خۆشمدەوێ
لەسەر بایەکە نووسیومە
لەسەر ئاوەکە نووسیومە
نەمدەزانی کە بایەکان
گوێ ناگرن
نەمدەزانی کە ئاوەکان
لەبەری ناکەن.. ناوەکان..

کیژی ڕەوەند هەتا ئێستا
لەدوای ساڵی دەیەمین
هەر چێندراوی
وەکوو تیرێک لەبن هەنگڵم
دراوی..

لەبەر ئەم روخسارو چاوانە
ئەم ساڵ بەهار
دووەمینجار
بۆ سەردانمان
هاتەلامان
هەروا پێغەمبەریش دووجار
بۆ سەردانمان
هاتەلامان

لەناو دووچاوەکەی تۆدا
وەکوو هەوران
دادەکەمە لێزمەی باران
لە هەگبەمدا گەنجینەیەک
لە ماتەم و لە خەمۆکی
هەڵدەگرم
هەزار جۆگا
هەزار هەزار
دارستانان هەڵدەگرم
مێژو لەژێر پاڵتۆکەمدا
لەگەڵ پیتەکانی نووسین
هەڵدەگرم..

قەشەنگترین شتێک لەناو
خۆشەویستیی هەروکماندا
هەر ئەوەیە
نە ژیریی تیایە نە لۆژێک
جوانترین شت
لە خۆشەویستی ئێمەدا
هەر ئەوەیە
بەسەر ئاودا دەڕوات
بەڵام نوقوم نابێ..

نیگەران مەبە
ئەی جوانەکەی جوانانم
هەتا لەناو شیعرو وشەی
مندابی
گەورە نابی..
هەر گیز لەسەر لاپەڕەی من
تۆ پیرنابی..

هەر هێندە بەس نییە گیانە
کەتۆجوانی
دەبوو رۆژێک بەناو باڵەکانی
مندا تێپەڕببێ
هەتا جوانبی

خۆشەویستم
هەرچەند لەناو چاوی تۆدا
سەفەر بکەم
وا هەست دەکەم
سواری فەرشێکی جادوییم
پەڵە هەورێکی گوڵڕەنگ دێ
هەڵمدەگرێ
لەدوای ئەوە بنەوشەیی..
بەناو چاوتا دەخولێمەوە
خۆشەویستم
وەک گۆی زەوی..

چەند تۆ لە ماسییەک دەکەی
لە خۆشەویستیدا خێرای..
وەکو ماسی
ترسنۆکی وەکو ماسی ..
هەزار ئافرەتت کوشتووە
لەناخمدا
بۆ خۆشت بوویتە پادشا..

من نێردراوی خۆشەویستیم..
ناکاوی خۆم بۆ ئافرەتان
هەڵدەگرم
ئەگەر هەردوو گۆی مەمکیتۆم
بە جامی مەی نەشتایە
رەنگە ئێستا لە ژیاندا نەبوونایە
جا ئەگەردوو گۆی مەمکەکەت
خولانەوە
بزانە ئەوە
گچکەترین موعجیزەی منە..

جوانترین شت لەتۆدابێ
شەیدابوونە
جوانترین شت لەتۆدابێ
- ئەگەر ڕێمبەیت -
دەرچوونی گۆی مەمکەکانتە
لە یاسا..

خۆت رووتکەوە
ماوەیەکی زۆردرێژە
لەسەر زەوی
هیچ موعجیزە رووی نەداوە
خۆت رووتکەوە
..خۆت رووتکەوە
من خۆم لاڵم
لەشەکەی تۆش گشت زمانێ
چاک دەزانێ

گۆی مەمکت..
ساڵانی زوو
وەک کۆتری ئاشتی وابوو
ئاشتیخوازبوو
چۆن لە نێوان تاقە شەوو
رۆژێکدا
گۆی مەمکەکەت
ئاوای لێهات
هەر وەک رۆژی قیامەت؟

نینۆکی سوورت لە ملم گیرکە..
لەگەڵ مندا
وەکو کارو بەرخ مەبە
بەرگریمکە
بەگشت فڕو فێڵەکانت
ئەگەر وەکو گڕکان
گڕمگرتبوو هاتمەلات
خۆشترین لێو ئەو لێوانەن
یاخیدەبن..
خراپترینیان ئەوانەن
هەردەم دەڵێن بەڵێ

له نێوانی ئەو ساڵەم و
ئەم ساڵەمدا چەند گۆڕدراوم
مەراقم بوو چیت لەبەردابێ
دایکەنی
وەک دارستانێک لە بۆرەک
راوەستابی
منیش ئەمڕۆ، نامەوێ تۆ
شتێیەک بی جگە لە نیشانەی
پرسیار

هەرکاتێک لە ئافرەتێک
جیابووبمەوە
بەساویلکەیی خۆم دەڵێم:
"ئیتر ئەمە دواژن دەبێ.."
" دوا جاردەبێ.."
لە دوای ئەمەش..هەزاران جار
کەوتمەوە ناو عەشقەوە
هەزارجاریش مردم..هێشتا
هەر دەڵێم:
"ئیتر ئەمە دواجارە.."

بێ پەروا دەنووسم.. گیانە
هەست و نەستم گەورەتر لە
زمانە
هەستی من لە ئاستی تۆدا
لە دەنگی خۆم تێپەڕیوە..
لە قوڕگی خۆم تێپەڕیوە
بێ پەروا دەنووسم.. گیانە
لەبەر ئەوەی وشەکانم..
بەرینترە.. لە لێوەکانم
لە گشت نووسینەکانی خۆم
رق و کینەم دەبێتەوە
گرفتی من ئەوەیە تۆ گرفتمی
گیانە هەر تۆ گرفتمی

ئاستی خۆشەویستیم بۆ تۆ
باڵاترە لە پەیڤین و لە گفتوگۆ
لەبەر ئەوە بڕیارم دا بێدەنگبم
لەگەڵ سڵاوی دوای بێدەنگیم
سڵاوی خۆشەویستیم...